کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-11-2007 22:40بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**پیاوی گەورەمان نایەتە بەردڵ ... ئیبراهم مەردۆخی**

(1)

بریا دەمزانی هەر ئەم گەلی کوردی ئێمە، ئەم نەخۆشیە دزێوەی لە گەڵدایە کە گەورە پیاوان و ئەدیب و شاعیران و زانایانی خۆی لە بەرچاو نیە و بە درێژایی تەمەن و ژیانیان، لێیان ناپرسێ و بایەخ و ڕێزیان بۆ دانانێ و ناوێکیان لێ نابا و لایەکیان لێ ناکاتەوە و بەرهەم و چالاکییەکانیان نانرخێنێ و حسابێکیان بۆ ناکات؟! بەڵام کە مردن... خێرا دەوریان دەدەن و فرمێسکیان بۆ دڕێژن و پیایاندا هەڵ دەدەن و دەیان لاوێننەوە و ئاخ و ئۆف و هەناسەی سەردیان بۆ هەڵ دەکێشن و گۆڕ و گڵکۆکانیان دەکەن بە مەزار و جێگای ڕاز و نیاز! هەر ئەم دیاردەیە، کە مامۆستا «موفتی پێنجوێنی» هێناوەتە دەنگ و خۆی پێ نەگیراوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە ئەم بابەتە و سەرزەنشی ئەم شێوە هەڵوێستە ناشیرینە دەکا و دەڵێ:

پیاوی گەورەمان نایەتە بەردڵ<br>
تاکو ئەو ڕۆژەی دەچێتە ژێر گڵ<br>
ئینجا بۆی ئەگرین بە جۆش و بە کوڵ<br>
قەبرەکەی دەکەین بە باخچە و بە گوڵ

بەڵێ خۆزگە دەمزانی هەر ئێمە واینە یا گەلانی تریش گیرۆدەی دەستی ئەم نەخۆشیە کوشندە و دەردە بێدەرمانەن؟ هەر چەن ئەگەر واش بن نابێ بە پاساو بۆ ئەم هەڵوێستەی ئێمە و چارەسەری زام و برینی ناسۆری ئێمە ناکات. مەگەر دڵخۆشی خۆمان بدەینەوە کە:«مەرگ لە گەڵ هاوماڵا جەژنە». کە ئەمەش کورد وتەنی:«عوزر لە قەباحەت خراپترە». ئەم گلەیی و بناشتانەی کە لە سەرەوە ئامازەم پێدا بەم مانا نیە چونکە گەورە پیاوانی خۆمان لە کاتی ژیانیاندا لە بەرچاو ناگرین و ڕێزیان بۆ دانانێین، ئیتر کە مردنیش لێیان نەپرسین و ناویان بکەین بە کۆرکۆرەی ئاشدا و وەکو سەردەمی ژیانیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. بەڵکو ئەگەر بەو شێوە لەگەڵیاندا بجوڵێینەوە، نەخۆشینەکەمان دووپات دەبێتەوە و کوشندەتر دەبێت. بە تەواوی دەبین بە خۆرە بۆ گیانی گەل و نیشتمانمان و بە تەواوی دەپوکێینەوە. کە واتە ئەم باسە لەم بوارەدا، بۆ داچڵەکاندن و بەخۆداچونەوەیە تا لەمە زیاتر لەم هەڵدێرەدا هەنگاو هەڵنەگرین و سەبارەت بەم دیاردە دزێوە هەڵوێستەیەک بکەین و لە کاتی ژین و مردنی گەورەپیاواندا ڕێزیان لێ بگرین و بایەخیان بدەینێ. ڕچە و ڕێبازیان بگرین و کەڵک و سودیان لێ وەربگرین با لەمە زیاتر بە مردووپەرست نەناسرێین.

---

گڵپەی دەروون<br>
کۆچی ئەم جارەت کۆچی دوایی بوو<br>
لە دایک و خزمان ماڵاوایی بوو<br>
بۆ ئێمە شین و فرمێسک و گریان<br>
بۆ تۆ شەهادەت خۆشی و شایی بوو

10-8-1386

کاک هۆشیار گیان!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەی برازای نازەنین و خۆشەویستم، ئەی جێی هیوا و خواست و ویستم، کاتێ بیستم لە هەندەران هاتویتەوە، ویستم بێ وەستان بێم بۆ لات، بەڵام خێزان و ماڵ وتیان: شەوە و ماندوی ڕیگایە با نەچین، سبەی دەچین. خۆ من چاک چاک تۆم دەناسی، نەسرەوت و ماندونەناسی، بەڵام ناچار ملم لە ئاستی ئەو پێشنیارەیان لار کرد، خۆمان لە هاتن کلا کرد، بۆ بیانو بڕین خۆمان بڕی بە سەرماڵی خزمێکماندا، گوایە ویستمان سنوری هەست و ئیحساسات ببەزێنین، لە بواری ژیری و ئاوەزدا خۆ بنوێنین، هەرچەند دڵم هەرلای تۆ بوو، هەنگی ڕۆحم هەر بۆ ئاوارەی تۆ دەچوو، تا بەشێ لە شەو دانیشتین. لە سەر ڕیگای گەڕانەوە «شادی» تەنگی هەڵچنی و وتی: بۆ نەچین بۆلای کاک هوشیار. خێرا هەڵەم قۆستەوە و پشتگیریم کرد. وەکو سیوشکی دەشتی قاقڕی گەرمیان بە پەلە پڕوزێ خۆمان کرد بەو ژورەدا کە تۆیی لێ بوو. بە ماچ و موچ و دەستە ملان، لە یەک ئالاین، هەندێ تامەزرۆی تونیەتی خۆمان شکان. لە پاش ووت و ویژێکی کورت، هەستم پێ کرد، لەم پلەدا دەشت و پێ بنارت بڕیوە، ئەڵێی کەوی و بەرەو لوتکە سەردەکەوی. گوڵی ئاڵی مێشک و بیرت پشکوتوە، بۆن و بەرامەی بەرهەمی پێنوسەکەت، بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان، ئاسمانی سایتەکانی داگیر کردوە. لە دڵ خۆمدا زۆر سوپاسی خوای گەورەم کرد، کاکم وەجاخی ڕۆشنە و جیگای ئەو پڕ دەکەیتەوە. هیوا و ئاوات و ئارەزوی باوکی بەڕێزت دەڕوێنی و تۆوی چاکە و چاکەکاری بۆ ەچێنی. پڕ بەم دنیا دڵم خۆش بو و گەشامەوە، بە تەواوی حەسامەوە.

(2)

ئەی هوشیاری نازەنینم، برازا و هاوڕێی دێرینم! دوای ئەوجارە هەرتەنیا دووجارێکە، ئەویش هەروەکو بەرکولێک، هەر وەکوو خوێی چێشت چەشتنێک، چاوی پڕتاسە و تامەزرۆم، بە ڕوخسارە گەشەکاندا خۆی هەڵواسی. لە پڕ زڕەی تەلەفونێک، مێشک و ئەقڵی شڵەقاندم، ڕۆح و دڵی داخورپاندم، مۆرخەی پشت و ئەژنۆی شکاندم: بە پەلە خۆت بگەیەنە خەستەخانە... کاک هوشیار گوللەی بەرکەوتوە. مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چۆن گەیشتم، بەڵام بەسەد هەزار داخ و کەسەرەوە، تا گەیشتم گیانی پاکت، بەرەو ئاسمانی خودا، دابوی لە شەقەی باڵ، هەموو خۆزگە و بریاکانت، کە دەت ویست بیکەی بە ئۆخەی، بردە ژێر گڵ. دڵەکان هەموو هاتنە کوڵ... دەرونەکان قرچە و کزەیان لێ هەڵسا... شارە خنجیلانەکەی مەریوان ژڵەژا... وەک پەپولە دەوری مۆمی تەرمی سەرتاپا گوڵاڵەسورەکەت درا... قلپەی گریان... خورەی فرمێسک... کلپەی دەروون... مۆسیقای مەرگەساتێکی پێک هێنابوو... هەر لەپەسا زڕەی زەنگی تەلەفون بوو، وەک بروسکە ئاسۆی ووڵاتی دەتەنی، وەک گوللەی وێڵ بەرەو هەندەران دەفڕی، بەو هەواڵە دڵتەزێنە، دڵی خزم و کەس و کار و دۆستە خۆشەویستەکانتی رادەچڵەکاند... لە جیگای ئەو هەواڵانەی، کە تۆ وەک ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرێک هەموو کات و ساتێک ماندونەناسانە، ئاراستەی سایتەکانی ئینتێرنتت دەکرد، ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی، کە بۆ پاریزگاری گەل و ولاتەکەت ڕات دەگەیاند، گەلی کوردت لە ئاکامی پیلانەکان دادەچڵەکاند، دڵی پیلانگێڕانت پێ دادەخورپاند. بەڵێ لە جێی ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانە، هەواڵی کۆچی دوایی، نووسەر و تێکۆشەر و دڵسۆزی نیشتمان «هوشیار عوسمان» ڕاگەیەنرا... شاشە و ڕوپەڕەی سایتەکان بە خوێن سواق درا کە بە گوللەی دەستێ ڕەش و چڵکن و پیس، دڵە گەورە و بێگەرد و پڕ سۆزەکەی لە لێدان خرا.

(3)

ئەی کاکە هوشیاری ئازیز! ئەو ڕۆژە لە ماڵی ئێمەدا، بڕیارماندا، ماوەیەک پێکەوە دانیشین، هەگبەی دڵمان بۆ یەکتری بکەینەوە، ئەڵقەی ڕاز و نیازەکانمان یەک خەینەوە، گرێ کوێرەی خۆزگەکانمان، چارەسەر کەین. کۆسپی سەر ڕێگای ئۆخەیەکانمان لابەێن... بەڵام بە سەد هەزار داخ و کەسەرەوە، ڕۆژی شەممۆ، لە کاتژمێری دوازدەی نیوەڕۆدا بوو، لە پێنجی مانگی هەشتی هەشتاوشەشی کۆچی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەتاوی، ئەو ئاواتە دێرینەمان، کۆستی کەوت و لە بار چوو، ڕۆژی پرشنگداری ژینت، لە ئاسۆی ماڵ ئاواییەوە ئاوا بوو... گیانی پاکت پلە و پایەی شەهیدی بڕی و... لە لوتکەی بەرزی ئاسماندا بوو بە میوان... منیش لە زەوی نەویدا سەرگەردان بوم وەکوو سیروان، سەری خۆمم هەڵگرتووە، خۆم بە هەموو دڕک و داڵ و، پوش و پەڵاش و بەرد و داێکدا دەدەم. هەنسکەکان ناڵەی هەناوم دەژمێرن، فرمێسکەکان گڵپەی دەرونم دەدێرن، مەگەر هەر بارانی ڕەحمی پەروەردگار، ئەم گڕ و گڵپەی دەرونم دامرکێنێ و هەندێ سەبوریم بۆ بێنێ.

---

**کورتەیەک لە ژیاننامەی هوشیار عوسمان**



»هوشیار» کوڕی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ عوسمانی مەردۆخی، کوڕی شێخ نجم الدین کوڕی بابەشێخ کوڕی شێخ ئیبراهیمی بەرقەڵا کوڕی حاجی شێخ عبدالکریمی دگاشێخانە، لە بنەماڵەی مەردۆخیەکانە. دایکی خاتو ئامینەی کچی حاجی مامۆستا سیدعلی نێ، کوڕی حاجی سید بابەشێخی ئەڵمانەیە و لە ساداتی هەنگەژاڵی بانەن و دەچنەوە سەر سیدەکانی بەرزنجە. »مامۆستا شێخ عوسمان» پاش ئیجازەی مامۆستایەتی لە خزمەتی مامۆستا مەلا حەمامینی کانی سانان‌دا (لە دووڕۆ) لە ساڵی 1341 دا پاش ماوەیەک مانەوە لە »زونج» بوو بە مەلای «سەڵەسی گەورە«. هەر لەوێش لە گەڵ «خاتو ئامین»دا، لە پاییزی ئەو ساڵەدا زەماوەنیان کرد. لە بەهاری 1342دا بە ماڵەوە هاتە مەریوان و دوکانێکی دانا. هوشیار لە زستانی ئەو ساڵەدا لە گەڕەکی مزگەوتی حاجی نەجیم لە ماڵی وەستا مەجیدی سەردۆشیدا (کە لەوێ کرێچی بوون) لە دایک بوو. لە نەورۆزی ساڵی 1343دا مامۆستا شێخ عوسمان لە سەر چالاکی لە حیزبی دیمۆکراتدا قاچاخ بوو و ژن و ماڵ و منداڵی بە جێ هێشت و ڕۆیشتە پێنجوێن. ماوەیەک لە دوکانەکانی پشتی مەرکەزەکەی پێنجوێنەوە دوکانی عەتاری هەبوو. پاشان بوو بە پێشنوێژی مزگەوتی بەنگەڵە. کە پێنجوێن لێێ شێوا هاوینی 1965 بە ئەمانەت ڕۆیشتە گوندی «مەسۆ». پاییزەکەی بو بە مەلای وێنە و بە کۆچ و ماڵەوە ڕۆیشتە ئەوێ. ساڵی 1968 ڕۆیشتە دزکەرەی شارەزور. ساڵی 1969 کە مزگەوتی حاجی جەمالی فەرەج ئەفەندی دروست کرا (کە هەر خۆی چاودێری کردنەوەکەی دەکرد) بوو بە مامۆستای ئەو مزگەوتە لە شاری سلێمانی گەڕەکی ڕزگاری. هوشیار هەر لە سلێمانی ڕۆیشتە قوتابخانەوە و هەر لە سلێمانیشدا دیپلۆمی وەرگرت. لە ساڵی 1362کۆچی هەتاویدا لە زانکۆی هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە کۆلیژی ئاداب بەشی کوردی وەرگیرا. حیزبی بەعسی ئەو سەردەمە زەختی خستە سەر خوێندکاران، ببن بە جەیشی شەعبی. ئەو خوێندکارانەی کە نەچونە ژێر ئەو بارە دزیو و لارە، لە زانکۆ دەرکران. یەکێ لەوانە هوشیار بوو. پاش دەرکردنیان دژی دەرکردنەکەیان خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا. حیزبی بەعسیش فەرمانی گرتنی ئەو خوێندکارنەی دەرکرد. هوشیار بە بۆنەی سەردان لە دۆستێکی لە دێی چەرمەگای سەربەناوچەی سورداش خۆیی حەشاردا. بەڵام جەندەرمەکانی بەعس پێیان زانی و قۆڵبەستیان کرد و راپێچی بەندیخانەی ئەمنە سورەکەی سلێمانی کرا. پاش ماوەیەک بە هەوڵ و تێکۆشانی باوکی لە رێگای ناسراو و واسیتە و واسیتەکاریەوە بەربوو. لە ساڵی 1363دا بە پەنامەکی خۆی گەیاندە شاری مەریوان و لە پەنای خزم و کەس و کاردا خۆی لە دەس بەعس رزگار کرد. لە 15-11-1364دا لە سنە لە گەڵ «چیمەن» کچی کاک موحەممەدی حسەینی دا (لە ماڵ کاک حەمامین مەردۆخی کە کرێچی بوون) لە گەڕەکی جەوراوا زەماوەنیان کرد. پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە ساڵی 1365دا لە زانکۆی تەوریز بەشی دەروون ناسی بالینی وەرگیرا. لە ساڵی 1366 دا کچکیان بوو کە ناوی«دیدار»یان بۆ هەڵبژارد. ساڵی 1369 زانکۆی تەوریزی تەواو کرد و گەڕایەوە بۆ سنە و پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ بوو بە سەرپەرشتی بەشی «رەوانپزشکی» خەستەخانەی تەوحید لە سنە. لە ساڵی 1374 دا بە هەوڵ و کۆششێکی فراوان خۆی گەیاندە ولاتی »ئەڵمان». لە ساڵی 1378دا چیمەن و دیداریشی برد بۆ لای خۆی. لە 26-7-1386دا لە ئەڵمانەوە بە ویزای ئێران گەڕایەوە بۆ ئێران. لە 27-7-1386دا گەیشتەوە مەریوان. لە رۆژی شەممە 5-8-1386 کاتژمێری یازدە و نیوی سەرلەبەیانی رۆیشت بۆنوسینگەی یەکیەتی نیشتمانی لە شاری مەریوان. پاش نیو کاتژمێر، هەواڵی پێکرانی راگەیەنرا و لە کاتژمێری دوازدە و نیودا تەرمەکەی برا بۆ خەستەخانەی تازە و لە رۆژی سێ شەممە 8-8-1386دا تەرمەکەی لە گۆرستانی داسێران لە نێوان دایەگەورە و باوکیدا نێژرا. گیانی پاکی بە بەهەشتی بەرین شاد و بەر بارانی رەحم و مێهرەبانی خودای گەرە کەوێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.